


# ڕۆمانی "شازادە و شاعیر"، خوێندنەوەیەکی خێرا

ڕێبوار سەلاح دەلۆ
(نەمسا- ڤییەنا)

لە مانگی ئابی ئەمساڵ ٢٠١٨ ڕۆمانی "شازادەو شاعیر" لە نووسینی ڕووناکبیر و ڕۆماننووس و شاعیری گەلەکەمان خوسرەو جاف لە دووتوێی ٤٨١ لاپەڕەدا و چەند لاپەڕەیەکی فەرهەنگۆکی بچووک کەوتە بەر دید و دەستی خوێنەران و عاشقانی ڕۆمانی کوردی.

"فەقێ خدری ئەحمەدی شاوەیس" ناسراو بە "نالی" شاعیری گەورەی کورد، پاڵەوانی سەرەکی و ڕاستەقینەی ئەم ڕۆمانەیە، دەتوانم بڵێم ئەمە یەکەمین ڕۆمانی مێژوویی ڕاستەقینەیە کە کەڵە شاعیرێکی کوردی وێنا کردووە و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی ئەم شاعیرەی کردۆتە ڕۆمانێکی دڵگیر و سەرنجڕاکێش.

لە دوای ڕۆمانی :چل ڕێسای عیشق" لە نووسینی "ئەلیف شەفەق"نووسەری تورک، بێ زیادەڕۆیی و پیاهەڵدان، پێم وایە ئەمە داهێنان و ستایلێکی تری نووسینی ڕۆمانی کوردییە کە پێشتر لە نێو کتێبخانەی کوردیدا نموونەی نەبووە، بەش بە حاڵی خۆم شانازی پێوە دەکەم و بۆ ئەم هەستەشم چاوەڕێی هیچ جۆرە پاداشتێک و ئافەرینێک نیم.

سەرەتای نووسینەکانی، نووسەر بە تیشکێکی خێرا لەسەر چۆنیەتی گەشتکردنی خودی خۆی (خوسرەو جاف) لەگەڵ حەمەی موکری و چەند هاوەڵێکی تری بۆ باکووری کوردستان دەست پێدەکات، لەوێدا باسی ئاستەنگ و ئەو گرفتانەی کردووە کە لە کاتی بە دواداچوون و گەشتکردنیان بۆ وڵاتی تورکیا بۆ دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی ژیان و بایۆگرافی نالی تووشیان بووەو ئازاری داون، ئەگەرچی نووسەر بەشێک لە دژواری کارەکەیان و وەرگێڕ و شۆفێری تەکسی و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دامودەزگای پاراستنی شوێنەوار و کتێبخانەی گشتی تورکیا، دەخاتە ڕوو، وەلێ دەکرا ئەوانە لە کۆتایی ڕۆمانەکە بە جودا باس بکرێن و نەخرێنە نێو لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەوە، چونکە خوێنەری ڕۆمان پێی خۆشە هەرزوو دەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی بەردەستی بکات و بەسەر ناوەرۆکیدا زاڵ بێت، هەربۆیە وا باشتر بوو، نووسەر ڕاستەخۆ دەستی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان کردبایە و بچووبایەتە سەر کرۆکی بەسەرهاتەکان و پاشەکییەکی

کورتی لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا باس کردبایە، ئەڵبەتە ئەوە ڕای بەندەی ناچیزە.

دڵنیام ئەوەی نووسەر لەسەر چەرمەسەری و ماندووبوونیان بۆ گەشتەکەیان خستوویەتییە ڕوو، مشتێکە لە خەرواری ڕەنج و کۆڵنەدانیان و ئاسان نییە لە وڵاتێکی دراوسێ بتەوێت مێژووی ناودارێکی کورد دیفچوونی بۆ بکەیت و بە دوای ڕیشەیدا بگەڕێیت، مەگەر خودا بۆ خۆی بزانێت چیان تووش بووە کە نووسەر نایەوێت باسیشی بکات.

لە لاپەڕە ٧٢ بە دواوە نووسەر ڕاستەوخۆ ڕۆمانەکەی لە زمانی (نالی)ییەوە دەست پێ دەکات و خوێنەر بەرەو خەیاڵی ڕابوردوو و هەوراز و نشێوەکانی ژیانی نالی دەبات و کاتێک تۆزێک زیاتر دەچێتە نێو قووڵایی ڕووداوەکان، ئیدی خوێنەر وا هەست دەکات خۆی کارەکتەرێکە لە نێو بەرکەوتن و ڕووداوەکاندایە.

ڕەنگە بچێتە خانەی پیاهەڵدان و زیادەڕۆییەوە ئەگەر بڵێم، خودی خوسرەو جاف هەمیشە لێزانانەو وەستایانە خوێنەرەکانی خۆی دەباتە نێو قووڵایی خەیاڵەکانییەوە و هیچ کات نەترساوە لەوەی کە چلۆن لە ڕێگای نووسینەکانییەوە پەردە لەسەر بەدبەختی و ماڵوێرانی و نەخۆشییەکانی گەلەکەی هەڵماڵێت، خوسرەو جاف بۆخۆی پاڵەوانێکی بوێری گۆڕەپانی ئەدەبە، ئەوەیان بە تەنیا قسەی من نییە.

بەڕاستی نووسەر زەحمەتێکی زۆری کێشاوە و جۆرێک لە مەترسی بە دڵ کڕیوە و دەستی بۆ نهێنییەکانی ژیانی نالی بردووە کە بەشێکی هەوکەش لای دەسەڵاتدارانی تورک پارێزراوە.

ئیدی ئەگەر ئەمە خەمخۆری و دڵسۆزی نووسەر نەبێت بۆ پەیبردن بە ڕەگوڕیشە و ڕەچەڵەکی ئەدیبانی وڵاتەکەی، ناتوانین هیچ ناوێکی تری لێ بنێین.

هەروەک لەم ڕۆمانە دەوڵەمەندەدا دەردەکەوێت، نالی شار و زێدی باووباپیران و خانەوادەکەی کە لە هۆزێکی گەورە و دەسەڵاتدار و کاریگەری زەمانی خۆیان بوون، دەکاتە قوربانی حەز و خولیای شیعر و ئەدەب و سەری خۆی هەڵدەگرێت و زۆربەی ژیانیشی لە ئاوارەیی و دەربەدەری دەباتە سەر.

ماوەیەک لە هەڵەبجە دەبێت و دواجار دەچێتە شاری سنە و لەوێش بە نائومێدی و پیلانی ناحەزانی شاربەدەر دەکرێت و ناچار ملی شام دەگرێتە بەر.

بۆ دواجار دەچێتە حزووری مەولانا خالیدی نەقشەبەندی و ئەو سەردانەش زیاتر نالی پوختەی ڕۆژگار و سەختییەکان دەکات و لە دنیای قووڵی تەسەوف و عیرفان و ئەدەبدا قاڵتری دەکات.

سەردەمی ژیانی نالی سەردەمی حوکمڕانی عوسمانلی بووە. نووسەر سەرکەوتووانە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی سوڵتانەکانی عوسمانی خستۆتە ژێر تیشک و ڕۆشنایی پێنووسەکەیەوە.

لە لایەکی ترەوە بوێرانە پەنجەی خستۆتە سەر ئێش و ئازار و دووبەرەکی و پاوانخوازی ئیمارەتەکانی بابان و ئەردەڵان و شێوازی حوکمڕانیان. بە وردیش باسی کێشمەکێش و کێبەرکێی سیاسی ئەو سەردەمەی کردووە، تەنانەت گەندەڵی و بەرتیل خواردن و ناعەدالەتی ئەو کاتەیشی شی کردۆتەوە. وەک وتراوە مێژوو هەمیشە خۆی دووبارە دەکاتەوە، بە داخەوە دەسەڵاتدارانی کورد تا ئێستاش وەک پێویست دەرسیان لێ وەرنەگرتووە.

لە لایەکی تریشەوە نووسەر لە کاتی داڕشتن و نووسینی ڕۆمانەکەی، بە دەرفەتی زانیوە کە باسی قۆناغەکانی سیاسی و حوکمڕانی کورد و وڵاتانی دراوسێی کوردیش بکات و بە وردی ناکۆکی نێوان ئیمارەتەکانی کورد و سەرکردەکانی، لە کاتی حوکمڕانی ئەردەڵانییەکان لە سنە و بابانەکان لە سلێمانی شرۆڤە بکات و زوڵم و ستەمی ئەمانوڵڵا خانی سنە لەگەڵ دانیشتوانی باس لێوە کردووە.

هەروەها لە میانی نووسینی ڕۆمانەکەیدا، مێژووی ئێران و حوکمی قاجارییەکان، نەخۆش کەوتنی ئیمپراتۆریەتی تۆرانی و عوسمانلی و گەشە کردنی بزووتنەوەی ڕۆشنفیکری و نوێگەرایی لە تورکیا و شۆڕشی نوێخوازی لە ئەورووپا دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. فرسەتی هێناوە باسێکی کورتیشی لەسەر بە کومەڵ کوشتن و جینۆسایدکردنی ئەرمەنییەکان لەسەر دەستی تورکەکان بخاتە ڕوو.

گەرەکمە ئەوە بڵێم، نووسەر لە کاتی نووسینی ڕۆمانەکەیدا بە دوای دەرفەت گەڕاوە بۆ ئەوەی بە تیرێک چەند نیشانێک بشکێنێت و زۆریش ڕاشکاوانە ئامانجی خۆی پێکاوە و

ڕۆمـانەکـەی تژییـە لە زانیـاری جۆراوجۆری بە سوود بۆ خوێنەرانی.

– لە بەشێکی تری ڕۆمـانەکـەدا نووسـەر باسی هۆکـاری دەرکـردنی نالی دەکـات لە شـاری سنە کـە بە هۆی ئەو شـیعـرەوە بووە، بۆ مەستوورەی ئەردەڵانی نووسیوە و تووشی بگرەوبەردە و وەدەرنان بووە.

بەش بە حاڵی خۆم تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دەقێکی مێژوویی و ئەدەبی وام نەبینیوە ئەوە بسەلمێنێت کە ئەو شیعرە هی نالی نەبێت و بۆی هەڵبەسترابێت و بووبێتە هۆی دەرکردن و ئاوارەبوون و ناوزڕاندنی.

خوسرەو جاف پێی وایە شاعیرێکی مەزنی وەک نالی، ناکرێت باسی قـڵـیش و مەمک و جەستەی ئافرەت بکات و ناشێت مەنزلەتی خۆی بێنێتە خوارەوە. ڕاستییەکەی ئەو ڕیتمە شیعرییە بەشێکە لە ئیرۆتیک و ئەدەبیاتی پۆرنۆگرافی. هەندێک لە شاعیرانی کوردیش وەک شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵی و گێڕانەوەکانی عەلائەددین سەجادی لە ڕشتەی مرواری، دەچنە ئەو خانەیەوە، ئیدی ئەگەر نالی-ش هۆنراوەیەکی وای هۆنیبێتەوە، نابێتە شوورەیی و ڕیسوایی بۆی، بەڵام ڕەنگە پێشبینی ئەوەی نەکردبێت کە چی بەسەر دێت.

ڕاستییەک هەیە ئەویش ئەوەیە کە نالی لە یەکەم نیگاوە، عاشقی مەستوورە بووەو لەوە دەچێت تاک لایەنەش عاشق بووبێت. ئەو عەشق و خۆشەویستییەشی هەرگیز تا کۆتایی مردنی نەشاردۆتەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان تا دوا هەناسەی ژیانی پێوە ناڵاندوویەتی، ئەگەرچی چەند جارێکیش ژن دەهێنێت، بەڵام دیارە هیچیان وەک پێویست ئۆقرەیی پێ نابەخشن و ئاگری عەشقی مەستوورە تا کۆتاییەکانی ژیانی لە دەروونیدا هەر نەکوژاوەتەوە. گڕی ئەم عەشقەش لەوانەیە نالی هان دابێت ئاوها شیعرێک پڕ بە باڵای "ماه شەرەف خان"( مەستوورە) بدوورێت.

هەربۆیە ڕێی تێ دەچێت کە لە تاو حەسرەت و حەزی، ئەو شیعرەی وتبێت و بێ ئاگا لە ئاکامەکەی خۆی بە دەست قەدەرەوە دابێت.

نووسەر بۆ چێژبەخشینی زیاتری ڕۆمانەکەی، هەندێک لە شیعرەکانی نالی بڵاو کردۆتەوە، ئەگەرچی هەردەبوا ئەو شیعرەی کە بە مەستوورەدا هەڵی گوتووە و ئەو هەرایەشی لەسەر دروست بوو، لە کتێبەکەیدا باسی کردابایە، بۆیە لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست دەکەیت خوێنەر بە دوای شیعرەکەدا دەگەڕێت و دەستیشی ناکەوێت، هیوام وایە لە چاپەکانی داهاتوودا ئەوە ببینرێت.

دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم نووسەر لە فەسڵی (١٤)وە جارێکی تر خوێنەرانی دەگەڕێنێتەوە سەردەمی منداڵی نالی، لە کاتێکدا دەیتوانی هەر لە سەرەتاوە ڕاستەوخۆ بچێتە نێو باسەکەیەوە. هەست دەکرێت جۆرێک لە ئاڵۆزی و درەنگ حاڵیبوونێک دروست ببێت، ئەڵبەتە بە جۆرێکی تر زرنگی نووسەریش لە داڕشتنی ڕۆمانەکە دەردەخات، وەلێ بۆ خوێنەرێکی سادە، ڕەنگە وا باشتربێت ڕاستەوخۆ بچێتە نێو کرۆک و جەوهەری باسەکەوە.

–هەروەک نووسەر ئاماژەی بۆ کردووە، نالی لە دوای سەفەری قاهیرەو مەککە، جارێکی تر لە ڕێگای دەریاوە بە کەشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبۆل، تووشی ئەو عەبد و قوولەڕەشانە دەبێت کەلە سەردەمی حوکمی ئیسلامیدا هەر باوی بووەو بنبڕ نەبووە، بۆیەش لەگەڵ خۆی دەکەوێتە مشتومڕێکی بێ وەڵام و تووشی شڵەژانی دەروونی و ئازار دەبێت کاتێک کە دەبینێت" مرۆڤ بە دەستی مرۆڤەوە دیلە و کۆت و زەنجیر کراوە".

نووسەر ناوی ڕۆمانەکەی ناوە" شازادە و شاعیر" ئیدی هەر ئەمە بۆ خۆی پێویستی بە شرۆڤە و وردەکاری زیاتر هەیە، ئەویش واتە نالی لە ڕەچەڵەکدا لە خانەوادەیەکی گەورە و بنەماڵەیەکی عەشیرەتی جاف بوو، وەلێ نالی هەموو ئەو دەستکەوتە ماددی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات بەلاوە دەنێت و گشت تەمەنی خۆی بۆ شیعر و ئەدەب و گەڕان بە دوای زانست و مەعریفەدا تەرخان دەکات.

پێم وایە نووسەر زۆر سەرکەوتوو بووە لە ناو لێنانی ڕۆمانەکەی کە بە تەنیا ئەو ناوە، گوزارشتێکی تەواو لە ناوەڕۆکی کتێبەکەیدا دەکات، هەمیشەش ناولێنانی ڕۆمان ئاسان نەبووەو پێم وایە یەکێکە لە دژوارییەکانی بەردەم ڕۆماننووس.

خوسرەو جاف لە میانی دەریای ڕۆمانەکەیدا توانیویەتی ئەو ڕاستییە بۆ خوێنەران و ئەدەبدۆستان بسەلمێنیت کە شاعیرێکی مەزنی وەک نالی، یەکەم کەس بووە کە شیعری بە زاراوەی سۆرانی وتووە و لەسەرەتاشدا خەڵکانێک گوێیان بۆ نەگرتووە، بە جۆرێکیش بە هەڵەیان زانیوە، بەڵام نالی کۆڵی نەداوە،

دەریش کەوت کە شۆڕەسوارێکی سەرکەوتوو بووە.

بێ گومان لەو دەمەیدا کە نالی تێیدا ژیاوە، زاراوەی ماچۆ، یان هەورامی خێمەی بەسەر هەموو شیعر و ئەدەبدا هەڵدابوو، زۆریش سەخت بووە بتوانرێت بە زاراوەی سۆرانی چێژ بکرێتە بەر شیعری کوردی، بەڵام نالی ئەو شۆڕشە ئەدەبییەی کرد و تا ئەورۆکەش بەرهەمەکەی دەدوورینەوە.

ڕەنگە زۆر کەس هەستی بەوە نەکردبێت کە خوسرەو جاف لە ڕێگای ئەم ڕۆمانەیەوە جگە لەوەی کۆمەڵێک پەیامی ئاشکراو نهێنی داوە بە گوێی خوێنەرانی خۆیدا، هەست دەکرێت بوێرانە بەراوردکاری لە نێوان کاریگەری و ڕۆڵی مزگەوتی ئەوسا و ئێستا کردبێت. ئەڵبەتە لەگەڵ ڕێزم بۆ پێگەی ئایین و ئایینخوازەکان، وەلێ ئەوە ڕاستییەکە ڕەنگە زۆر خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا درکی پێ نەکردبێت، یان بە بابەتێکی سەرپێی بزانێت.

ئەو پێمان دەڵێت مزگەوتەکانی ئەوسا جگە لەوەی شوێنی خواپەرستی و ئایینخوازی بوون، لە هەمان کاتیشدا، دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری و ئەدەبی، بگرە گەنگەشەی فیکری و فەلسەفی و سۆفیگەریزم بووە، واتە قوتابخانەیەکی گشتی فێربوون و پەنایەکیش بووە بۆ هەژاران و لێقەوماوان و زۆرجاریش جێگایەک بووە بۆ ئەوەی سوڵحی عەشایری و چارەسەری گرفتی خەڵکی تێدا بکرێت.

وەلێ بە داخەوە هەنووکە ڕۆڵی مزگەوت چوارچێوەدارە و هەندێ جاریش بەرگی سیاسی دەکرێتە بەری و تۆزێک لە پەیامە ئاسمانییەکان دوور دەکەوێتەوە.

نووسەر پێمان دەڵێت نالی لە ئاوها دامەزراوەیەکدا پەروەردە بووە و ئەسپی خۆی لە بواری شیعر و ئەدەبدا تا ئەوپەڕی تاو داوە و قوتابی و دەرچووی مزگەوت بووە و شانازیشی پێوە کردووە.

لە لایەکی ترەوە نووسەر زیرەکانە وێنەیەکی سینەمایی زۆر جوانی لە ڕۆیشتنی نالی بۆ سنە بۆ خوێنەرانی وێنا کردووە و بە جۆرێک باسی کووچە و شەقام و کۆڵانەکانی سنەو کۆشک و دەرباری "ئەمانوڵڵا خان" و خوسرەو خانی کوڕی، هەروەها ئازارەکانی چەکەرەکردنی عەشقی نالی بۆ "ماه شەرەف خان" ناسراو بە مەستوورەخان و یەکەم چاوپێکەوتنیان لە ماڵی باوکی مەستوورە دەکات کە لە کاتی خوێندنەوەدا وا هەست دەکەیت پێ بە پێی نالی شەقام و ماڵەکانی شاری سنە دەپێوێ. هەروەک ڕۆماننووس ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات هەر لەو ماوە کەمەشدا کە نالی لە سنە دەبێت، شیعرەکانی هەر زوو ناوبانگ دەردەکات و هەندێکیشی لێ دەکرێت بە گۆرانی، ئیدی ئەمەش جگە لەسەرکەوتن و ناودەرکردن، دژایەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیشی بۆ پەیدا دەبێت و هەوڵی زۆر دەدەن کە بیڕووخێنن و گرفتی بۆ دروست بکەن. دواجاریش پیلانی ناحەزەکانی سەری گرت و بە شێوەیەکی ناجۆر لە سنە وەدەری دەنێن و شاربەدەری دەکەن و ئەو شیعرەی بۆ مەستوورەی نووسیبوو کە تا ئەورۆش مشتومڕی لەسەرە، دەبێتە هۆی بەڵای سەری و تا کۆتاییەکانی ژیانیشی ئەو برینە سارێژ نابێت و نابێت.

چوونی نالی بۆ سەر مەزاری گەورە شاعیرانی ئێران وەک حافزی شیرازی و سەعدی شیرازی، چێژێکی زیاتر دەبەخشێتە ڕومانەکە و ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنێت کە نالی ئاشناییەکی تەواوی لەگەڵ ئەدەب و زمانی فارسیدا هەبووە، بێ گومان ئەوەش کۆڵەکەی شیعری و زەوقی ئەدەبی نالی چەند بەرابەر کردووە.

لە کۆتاییەکانی ڕۆمانەکەدا نووسەر ئاماژە بە نامەیەکی "مەستوورەخان" دەکات کە بۆ نالی نووسیبێتی.

تۆزێک جێی لێ ڕامان و پرسیارئامێزە کە مەستوورە ئەو جۆرە پێوەندییە توندوتۆڵەی لەگەڵ نالی دا نەبووە بۆ ئەوەی سۆراخی بکات و نامەی بۆ بنووسێت و پاکانەی ئەوەی بۆ بکات کە نالی لەسەر دەستی کەسوکاری مەستوورە بەسەریدا هاتووە، ئیدی لەگەڵ ڕێز و پێزانینم، نازانم نووسەر پشتی بە چ دەقێکی مێژوویی و ئەدەبی بەستووە بۆ سەلماندنی ئەم نامەیە؟ دەکرا لە ڕۆمانەکەدا ئەو بەڵگەیە بخرێتە ڕوو. ئارەزوومەندم ئەم پرسیارە لە چوارچێوەی ئەدەب و حورمەتدا بێت بەرانبەر زاتێکی گرانقیمەت و باوکی ڕۆمانی کوردی وەک خوسرەو جاف.

نالی لە خێزانێکی کۆچەری و خاوەن مەڕومالات و دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی گەورە بووە، وەلێ ڕوحی سەرکەشی و بەرزەفڕی و

ئەدەبدۆستی وای لێ دەکات کە توێشووی سەفەر بکاتە شانی و گەڕیدەیەکی ئەم وڵات و ئەو وڵاتی لێ دەربچێت، هەر ئەوەش ئەوەندەی تر لە ژیانی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیدا پوختەی کردووە.

پێویستە ئەوەش بڵێم هەموو ڕۆماننووسێک پشت بە خەیاڵ و خەیاڵپڵاوی دەبەستێت بۆ ئەوەی ڕۆمانێک بنووسێت ئیدی ئەو خەیاڵە دەستکردە هەروا ساناو سەرپێی نییە کە بێتە بەرهەم. نووسەر لە ڕۆمانی "شازادەو شاعیر" خەیاڵێکی واقیعی کردووە، بۆ ئەوەش مێژووی ئەو سەردەمەی خوێندووەتەوە و لەگەڵ ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی تێهەڵکێشی کردووە. ئەمە شەونخوونی و بێداری و زەحمەتێکی فرەی دەوێ بۆ ئەوەی ئاوها بەرهەمێک بخرێتە بەردەستی خوێنەران، داواکارم خوێنەرانیش بە بایەخەوە بیخوێننەوە و چاوی لێ بکەن، بەرهەمێک کە زیاتر لە چوار ساڵی خایاندووە.

ئیدی دەردی نەخوێندنەوە، نەخۆشی و پەتای کۆمەڵگەی بێچارەی ئێمەیە، لەوەش ناچێت وا زوو ئەو دەردە دەرمانی بۆ ببینرێتەوە.

پێویستە لێرەدا خاڵێک بورووژێنم، نووسەر لە کۆتایی ڕۆمانەکەیدا فەرهەنگۆکێکی بچووکی نووسیوە و واتای وشەکانی تێدا لێک داوەتەوە.

ڕاستییەکەی ڕۆماننووس خوسرەو جاف ئاشناییەکی ورد و باشی لەگەڵ ئەدەبی فارسی هەیە و بەو پێیەی کە بۆ خۆیشی ماوەیەک لەوێ ژیاوە و خوێندوویەتی، هەربۆیە هەمیشە تارمایی ئەو کاریگەرییە لەسەر نووسینەکانی دیارە، وەلێ ئەوەی کە پێویستە بوترێت ئەوەیە نووسەر لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەیدا وشەگەلی فارسی بەکار هێناوە، دواجاریش لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا واتاکەی نووسیوە.

بۆ نموونە : هەزینە-ئاودارخانە-قسەی حساوی-ئوتراق و...تاد بەو پێیەی کە بەندەی بچووکیش شتێک لە زمان و ئەدەبی فارسی دەزانم، ئیدی ناتوانم بڵێم ئەوانە کوردین، بەڵکو ڕاستییەکەی فارسین و دەکرا وشەی کوردی پەتی خۆمانە بەکار بهێنرێت، لەوانەیشە من هەڵە بم کە ئەگەر وادەرچوو، دانی پێدا دەنێم.

لە هەندێ شوێنی ڕۆمانەکەدا، هەندێ جار خوێنەر وا هەست دەکات کە تەنیا مێژوو دەخوێنێتەوە نەک ڕۆمانێک، لەبەر ئەوەی نووسەر بە تەواوەتی چووەتە نێو وردەکاری مێژووی ئەو سەردەمە، بۆیە ئەو چەند پەرەگراف و لاپەڕانە تۆزێک ماندووکەرن، وەلێ هیچ کات لە بەها و نرخی کتێبەکە کەم ناکاتەوە، هیوادارم نووسەر ئەم بۆچوونەم لێ وەربگرێت.

ماوەتەوە ئەوە بڵێم، ڕۆمانی "شازادە و شاعیر" ڕۆمانێکی مێژوویی و ڕامیاری و هەمەلایەنە، دیارییەکی فرە جوان و پڕ بەهایە بۆ کتێبخانەی کوردی و هەوڵێکی ئازایانە و پڕ لە ماندووبوونە. نووسەر لە دوای شەونخوونی و خەرجکردنی پارەی گیرفانی خۆی بۆ زیاتر لە چوار ساڵ جارێکی تر مەزنایەتی "نالی" خستۆتەوە بیرمان. تکام وایە خوێنەران بەها و نرخی ئەوە بزانن. تەنیا نووسەر دەزانێ زەحمەت و دەردی سەری نووسین چییە و بێ گومانیش کورد لە مێژە وتوویەتی قەدری زێڕ لای زێڕنگرە، بۆیە دەبێت "قەدری نووسین لای نووسەر و خوێنەر زیاتر بێت".

دەستخۆشییەکی زۆر لە نووسەر دەکەم و هیوای تەمەن درێژی و سەلامەتی و بەردەوامبوونی بۆ دەخوازم. دڵنیام بەم چەند دێڕە نەمتوانیوە مافی ئاوها بەرهەمێک و شاکارێکی ئەدەبی بدەم، شکم لەوە نییە نووسەر دەیان شەو بێداری و شەونخوونی چەشتووە بۆ ئەوەی شاکارەکەی بە جوانترین شێوە بخاتە بەردەستی خوێنەرانی. بەندەی ناچیزیش هەژارترم لەوەی کە بنەوم لە ئاوها بەرهەمێکی گرانقیمەت و پڕ بەها و خۆم لە قەرەی خوێندنەوەی بدەم.

بەم دێڕە شیعرەی کەڵە شاعیری ئێرانی سەعدی شیرازی کۆتایی بەم خوێندنەوە کاڵوکرچەی خۆم دەهێنم لە ئاست ئەو شاکارە زەریف و هەنبانە ئەدەبییەدا، بمێنن وەخێر و خۆشی.

**به پایان امد این دفترحکایت همچنان باقی**

**به صد دفتر نشاید گفت حسب الحال مشتاقی**